لەوەڵام بە سەرنج و ڕەخنەو پێشنیاری ژمارەیەك بەڕێزدا

# پێداویستی کۆمەڵگا، پێکهاتنی حزبی سیاسی دەسەپێنێ

عبدالله مەحمود

abdulla.mahmud@gmail.com

بەدوای وتارێکی مندا کە لەژێر ناوی" ئایا کۆمەڵگای کوردستان پێویستی بە حزبێکی سیاسی تر نییە" کە بۆ لێدوان و گفتوگۆیەکی کراوە بڵاوکرایەوە، چەند بەڕێزێك بەنوسین و هەندێکیشیان بەنامە یان لەدیدار و یەکتربینینی ڕاستەوخۆدا، لەوبارەیەوە هەڵوێست سەرنج، ڕەخنە و پێشنیار، گومان و پرسیاری جۆراوجۆریان خستۆتە ڕوو.

من لەگەڵ سوپاسی بێئەوپەرمدا بۆهەموویان، هەوڵئەدەم لەچوارچێوەی ڕۆشنکردنەوەی هەمەلایەنەی بابەتەکەی پێشومدا، لەچەند وتارێکدا وەڵامی هەموو ئەو بەڕێزو خۆشەویستانە بدەمەوە. دیسانیش پێشوازی دەکەم لەهەر سەرنج و پێشنیار و ڕەخنەیەك کە لەڕاستای کۆمەککردن بەم باسەدا بهێنرێتە ئاراوە.

ئاشکرایە باسی پێکهاتنی حزبی سیاسی، باسێکی ئیرادەگەرانەی چەند کەسێکی یاخی نییە. باسی پێکهێنانی حزبی سیاسی زەمینەی مادی دەیسەپێنی. هەرچی حزبی سیاسی جدی هەیە لەدنیادا لەسەر بنەمای پێداویستی سیاسی کۆمەڵ و زەمینە مادییەکانی پێکهاتوون و هەڵگری وەڵامی ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگا بوون بۆ وەڵامدانەوە بەوەزعیەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی کۆمەڵگا.

بەم پێشەکی یە کورتەوە دێمە سەر ئەو بۆچونانەی کە لەپەیوەند بە هێنانە ئارای باسی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان هاتونەتە ئاراوە.

دەڵێن هێنانە ئارای باسی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، گۆڕینی ناوی کۆمیتەی کورستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقە بە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کورستان، یان تەنها گۆڕینی ووشەی عێراقە بە ووشەی کوردستان واتە تەنها ئاڵوگۆر لە پاشگری حزبی عێراقدایە.

ئەم بۆچونە دروست نییە و باسی پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، هیچ پەیوەندی بەکۆمیتەی کوردستانی حزبی عێراقەوە نییە. کۆمیتەی کوردستان تەنها ڕێکخراوێکی ناوچەیی حزبی عێراقە کە لەسەر بنەمای واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستانی ساڵی نەوەتەکانەوە، پێکهاتووە.

ئەو کات واتە ساڵی 1993 کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێکهات، سەرباری ئەوەی کۆمەڵگای کوردستان خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکی خۆی بوو ...بەڵام بەشێکی واقعی بوو لە عێراق، چارەنووسی سیاسی ئەوکاتەو کێشمەکێشێك کە لەم کۆمەڵگایەدا لەئارادا بوو تەواو پانتایەکی سەراسەری هەبوو، دەوڵەتی مەرکەزی فاکتەری چارەنووسازبوو لەدیاریکردنی چارەنووسی کوردستاندا. ئەوکات دەوڵەتی عێراق لەکۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا سەرباری هەر گوشارێك کە لەسەری دانرا بوو، جێگای تایبەتی هەبوو، مەشغەڵەکانی کۆمەڵگای عێراق بە پلەی زۆر لە یەك نزیك و لێکهەلپێکراو بوون، چینی کرێکار عێراق و هەموو خەڵکی ناڕازی و پیشکەوتخوازی عێراق، خوازیاری ڕوخاندنی ڕژێم بوون، ئابلۆقەی ئابوری برستی لە هەموو خەڵکی عێراق بڕیبوو، چارەنووسی خەڵکی کوردستان ڕاستەوخۆ بەسترابۆوە بەڕژێم لەمەرکەزەوە، کێشەی خەڵکی کوردستان ئەوکات هەر بوعدی ناوچەیی و محەللی هەبوو لە ئاستی دنیادا، تەعامولی ئەحزاب لە پەیوەند بە مەرکەزەوە مانای پەیدادەکرد، .... لە هەلومەرجێکی ئاوادا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەوێنەی حزبێکی سەراسەری پێکهات و بەلەبەرچاوگرتنی زوڵمی مێژووی سەر خەڵکی کوردستان. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ڕێکخراوی مەنتیقەیی لە چواچێوەی سیاسیەت و نەخشەی سەراسەری حزبدا بۆ کوردستان لە ژێر ناوی کۆمیتەی کورستانی حزب پێکهێنا.

ئەم هەلومەرجە لەگەڵ هەلومەرجێك كە بەدوای ڕوخاندنی ڕژێمی بەعسدا پێكهاتووە لەهەموو بارێكەوە جیاوازە لەو هەلومەرجەی كە ڕژێمی بەعس لەسەر كاربووە. بە جۆرێك ئەم واقعیەتە سیاسییە لەئاكامی جەنگ و داگیركاری و شەری میلیشیایی و تایفی و بالادەستبونی ئیسلامی سیاسی...تاد، ئالوگۆڕی بەسەدا هاتووە كە كەم شتی پێشوی لەوەی ئێستا دەچێت. یەكێك لەو ئالوگۆڕە بەرچاو و مەلموس و ئاشكرایانەش جیایی كوردستانە، كوردستان ئێستا بەتەواوەتی و بەكردەوە لەهەموو باریكەوە جیابۆتەوە كە عێراق و بۆتە وولاتێكی سەربەخۆ بە تایبەتمەندیە سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و جغرافی و فەرهەنگی خۆیەوە، ئەوەی ماوە ئەوەیە ڕەسمیەت بەو جیایە بەكردەوەیەی بدرێتەوە.

كۆمیتەی كوردستان ڕێكخراویكی ناوچەیی حزبێكی سەراسەریە، وە ڕێكخراوی ناوچەو جغرافیایەكی دیاریكراوی كۆمەڵگایەكی سەراسەری" كوردستان" بووە، ئەمڕۆ گۆڕینی ئەم كۆمیتەیە بە حزبێكی سیاسی هیچ بنەمایەك و زەمینەكی نی یە، و جگە لەوەش دەستبردن بۆ كارێكی ئاوا لەهەلومەرجێكی تەواو جیاوازدا كە كاتی خۆی كۆمیتەی كوردستان بۆ پێكهاتووە نادروستەو ئەم كۆمیتەیە ناتوانێت جوابگۆی واقعیەتی ئێستای سیاسی كۆمەڵگای كوردستان بێت.

ئەوە بەجیا لەوەی ئێمە باسی حزبێكی سیاسی كۆمۆنیستی و كۆمەلایەتی دەكەین، كە زەمینەو ماتریالەكەی بوونی ڕەوت و مەیلێكی دیاركراوی ناوبزوتنەوەی بەرابەری خوازی و یەكسانی خوازی كۆمەڵگایە، كە ئامانجی دامەزراندنی كۆمەڵگایەكی خاڵی لە نابەرابەری و چەوساندنەوەو هەلاواردنە،و خودی حزبیكی ئاواش بەشێكە لەحزبێكی فراوانتری كۆمەلایەتی كە لە كۆمەڵگایەدا هەیە بۆ ئەو ئامانجانە.

حزب سەرئەنجام چوارچێوەی خەباتكارانەی هەموو كۆمۆنیستەكانی كوردستانە. چواچێوەیەكە كە دەتوانێت نەك هەر جێگای هەموو ئەو ئینسانانەی تیابێتەوە كە خۆیان بە هاوبەش لە جێبەجێكردنی بەرنامەی كۆمۆنیستی ئەم حزبە ماكسیستیە ماكزیمالستەدا دەبینەوە، بەڵكە بەشداری بەكردەوەی ئەو ڕیزە لەكۆمۆنیستەكان بۆ پێكهێنانی حزب حەیاتی یە.

بۆیە ڕۆشنە كە باسەكە نەگۆڕینی پاشگری حزبی عێراقەو نە گوڕینی كۆمیتەی كوردستانی حزبی پێشوە بە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان. هەموو ئەو كەسە چەپ و كۆمەنیست و سوسیالستانەی نیگەرانییەكی ئاوایان هەیە، بابێن بەیەكەوە قۆڵی خەباتكارانەی بۆ پێكهێنانی حزبێكی سیاسی لەسەر زەمینە سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتیەكانی ئێستای كوردستان، لێهەڵكەین.

## پێكهاتنی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان، بەرئەنجامی چاوخشاندنەوە بە حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق، یان ئاكامی ناكامیەكانی ئەو نییە

من بە كورتی لە ووتاری یەكەممدا باسی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراقم هێنابووە ئاراوە، لێرەدا هەوڵئەدەم تۆزێك تەفسیلتر لەوبارەوە بدوێم.

هاورێیانێك چ لەدەرەوەی حزب و چ لەناوخۆی حزبیدا دەستبردن یان هێنانە ئارای باسی پێكهێنانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان بۆ ئەوە دەگێرنەوە كەحزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لەگەیاندنی پەیام و سیاسەت و نەخشەكانی خۆیدا ناكام ماوەتەوە بۆیە باسی پێكهێنانی ئەم حزبەیان هێناوەتە ئاراوەو دەیانەوێ لەم ڕێگایەوە خۆیان لەم شكست و ناكامی یە دوربخەنەوەو بە پرۆژەیەكی ترە بێنەوە مەیدان.

سەرەتا دەمەوێت بەو ڕاستییە دەست پێبكەم، باسی پێكهینانی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری كوردستان لە حزبی عێراقەوە یان لەوەزعی حزبی عێراقەوە دەرنەكێشراوە، لەویشەوە دەستبردن بۆ پیكهینانی حزب لەكوردستان نە دروستەو نەدەتوانی وەلام بەو پیداویستیە سیاسی و ئابوری و كۆمەلایەتی و جغراقی و فەرهەنگی یەی ئێستای كۆمەڵگا بداتەوە بۆیە لەواقعیەتی سیاسی ئیستای كۆمەڵگای كوردستانەوە گرنگی پەیداكردووە وهێنراوەتە گۆری. كە پێشتر فاكتەكانیم باس كردووە.

بە جیا لەهەموو ئەمانە، حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق نزیكەی 14 ساڵ لەمەوبەر پێكهاتووە، كاتێك ئەم حزبە پێكهات هەراوهۆریای دژی كۆمۆنیستی لەلایەن چەپ و ڕاستی كۆمەڵگاوە، لەوپەری گەرمی خۆیدا بوو. كۆمپانیایەكی درۆسازی بەنەخشەوەبەپاساوی شكستی بلۆكی شەرقەوە بۆ سەر كۆمۆنیزم ماركسیزم دروستكرابوو، هێرش بۆ سەر بەشەریەت و ئازادیخوازی لە چوارچێوەی هێرش بۆ سەركۆمۆنیزم و ماركسیزمدا، پانتایی گۆی زەوی داگرتبوو، بە لێشاو

چەپ و سوسیالستە دروێنەکان و حزبەکانی سەر بەبلۆکی بۆرژوازی سۆفیەت لەهەموو دنیادا تا کویرە دیهاتەکانی کوردستان، چوبونەتە پاڵ ئەو هێرشە و سەر تەسلیم بونیان دائەنەواند، نەغمەی خێرو بەرکەتی سەرکەوتنی بازاری ئازادو سەرکەوتنی تەمەدونی غەربی و، تادەگات بە ڕیاکاری باسی کۆتایهاتنی مێژوو، و سەرکەوتنی دیموکراسی لە میدیا هەزارسەرو بەکرێگیراوەکەی بورژوازیدا، بەسەر کۆمەڵگادا تەخشان و پەخشان دەکرا. هێرش بۆ سەر تەحەزوب و دەسکەوتەکانی تائەوکاتەی بەشەریەت هێندە بەهێز وەرێخرا، زوربەی حزبە بەناو چەپ و کرێکاری و کۆمۆنیست و سوسیالست و ماکسیست و لیننی و......ناوی خۆیان گۆڕی، داس و چەکوش و ئارمەکانی خۆیانیان توردا، ئەمجارە بەئاشکرا سازشی خۆیان یان هەوڵی خۆیان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بازاری ئازادو دیمکراسیدا ڕاگەیاندو دەستپێکرد.
هاوکات دیموکراسی و پۆست مۆدیرنە...بوونە چەترو قیبلەنوما بۆ زۆرێك لە ڕوناکبیرانی چەپ و بەناو مارکسی پێشوو.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەناوجەرگەی ئەم هەلومەرجە جیهانی یە و لەدڵی جغرافیایەکی وەکو عێراقیشدا پێکهات کە بریار بوو "نەزمی بەناو نوێ" ی دنیای ئەمریکا لەوێوە خونچە بکات و ببێتە گوڵی تاقانە کە دەبێ دنیا بۆنی پێوە بکات!، بەڵی عێراق لەرێگای کوشتاری بەکۆمەڵ جەنگ و ئابلۆقەی ئابوریەوە کرابووە مەیدان و جغرافیای ڕاگەیاندنی پەیامی نەزمی نوێ ی ئەمریکا بەرووی رەقیبەکانی لەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا، لەوکاتەدا و هەر لەوجغرافیایەدا کۆمۆنیستەکانی عێراق و کوردستان بە پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری وەڵامی چینی کرێکاو مارکس و بەلشەفیزمیان بەو هێرشەی بۆرژازی دایەوە.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، لەماوەی تەمەنیدا تائێستا خۆشەویسترین دیارەی کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بووە. لەهەموو ئەم ماوەیەدا یەك حزبی لێبراوی ماکزیمالستی دژی دینی و مەزهەبی،یەك حزبی جدی کرێکاری و مارکسی کە خوازیاری هەڵوەشاندنەوەی کاری کرێگرتەو هەڵوەشاندنەوەی خاوەندارتی تایبەتی بووبێت، یەك حزبی جدی خوازیاری یەکسانی ژن و پیاو، یەك حزبی شێلگیری خوازیاری بەرەسمی ناسینی ڕیفراندرم بۆ دیارکردنی چارەنوسی خەڵکی کوردستان و ماف جیابونەوە، یەك حزب بەدروشمی ڕوخاندنی بەعس و سەرمایەداری لەعێراقدا، یەك حزب کەبێئەملاولا خوازیاری جێبەجێکردنی خواستی لاوان و مافە فەردی مەدەنیەکانیان بووبێت، یەك حزب کە شەهامەتی بووبێت ناسیونالیزم دین و دیموکراسی، و کەلتوری بۆگەن و دواکەوتوانەی سەرچاوەگرتوو لە مقەدەساتی قەومی و ڕەمزەکانی دابێتە بە ڕەخنەی ریشەیی و راشکاو جگە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق وجودی نەبووە، بۆیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق ئەگەر لەگەیشتن بە ئامانج و ستراتیجیەکەی کورتی هێنابێت و نەبووبێت بەبەشێك لەدەسەلات، بەڵام هیچ کەسێکی بەویژدان ناتوانێت مێژووی هەڵسوران و کارنامەو پەیامە ئینسانی و ڕێگاچارە کارسازو سیاسەت ئینسانیەکانی بە هەند نەگرێت.
ئەمە کارنامەو مێژوویەك نییە ئینسان شانازی پێوە نەکات، یابیەوێت یەخەی لەیەخەی بێتەوە.
تا ئێستاش باسی عەدالەت، یەکسانی ژن و پیاو، باسی ڕیفراندۆم و خواستی جیابونەوە، وەستانەوە بەرامبەر بە مقەدەساتی دینی و قەومی، پەردەهەڵماڵین لەرووی دیموکراسی و ناسیونالیزم، چونە بەرامبەرکێی بزوتنەوە کۆنەپەرستەکان و شەڕی دەسەڵاتی ئەحزابی میلیشیایی، بەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەناسرێنەوە.
بەڵام هەرگیز باسکردنی ئەمانە بەمانای ئەوە نیە، حزبی ئێمە مەعاف بووبێت لەڕەخنە و کەم وکوڕی و کەمکاری و....تاد.
حزبی ئێمە فرسەتی هەبوو ببێت بە دەسەلات، فرسەت هەبوو ببێتە ڕابەری سیاسی کۆمەڵگا، فرسەت هەبوو .....کە نەیتوانی ئەمانە بکات بێگومان نیشانەی ئەوەیە هەڵەی بووە، وەکو پێویست کاری نەکردووە، ڕیشەی خۆی لەناوخەڵکدا قایم نەکردووە، بەرهەمی کارەکانی خۆی کۆنەکردۆتەوە، لەهەزم کردنی ئەو پێشوازە زۆرو فرانەی لێیکراوە ناکارامەبووە، نەیتوانی ئەو دەیان هەزار ئینسانە کرێکارو نەدارو ئینسانە ئازادیخوازانەی کوردستان لە ڕیزەکانیدا بەشێوەی دروست ڕێکبخات کە پێوەی پەیوەست بوون......تاد.
بۆیە دەمەوێ بڵێم باسی پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان نەبۆئەوەیە هەمان حزب لەعێراق بە گۆڕینی ناوەکەیەوە سازبدرێتەوەو نە بۆئەوەشە بکرێتە ڕێگەیەك بۆ پەردەپۆشکردنی هەڵەوکەم و کوڕییەکانی ئەم حزبە وەکو هاوڕێ خۆشەویستم کەمال رەئوف، ئاماژەی پێداوە.

دیاره گەڕان بەدوای کەم کوریەکانی ڕابردومان پێویستە و هەروەکو مارکس لە 18 برومیری لویس بوناپارتدا دەنوسێت"**شۆڕشە کریکاریەکان ... بەبەردەوامی ڕەخنە لەخۆیان دەگرن، و پەیتا پەیتا بزوتنەوەی خۆیان ڕادەگرن و سەرلەنوێ چاودەخشێنەوە بەسەر ئەو شتانەدا کە پێیان وایە ئەنجامیانداوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر دەست پێبکەنەوە، بێرەحمانە گالتە بە لایەنە لاواز و نیوەناچڵ و لاوازی و سست و خاوی و هەوڵە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن......"**

ئەمە تایبەتمەندێتی حزبە کۆمۆنیست و مارکسیەکانەو ئێمەش ڕەخنەمان لەکارە نیوە ناچڵ و خاوەکانی خۆمان گرتووە، بەشوێن لاوازی و کەم کاریەکانماندا ڕۆشتوین بۆ ئەوەی بەهەنگاوی گەورەترو بە بەرچاوڕۆشنیەکی زیاترە بۆ ئایندە هەنگاو بنێن. چاوگێڕانەوەیەك بە بڵاوکراوەو ئەدەبیاتی ئێمەدا ڕاستی ئەم بۆچونەی من نیشان ئەدات. ئێستاش هەوڵی کادرەکانی ئەم حزبە بۆ پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەکوردستان نیشانەی چاوگێرانەوەیە بەواقعیەتی سیاسی کۆمەڵگاو جێگای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە کۆمەڵگای کوردستاندا.

بەڵام باسی ڕەخنەگرتن لە ڕابردووی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق، نە ئەرکی ئەم ووتارەیە و نەڕەخنەگرتن لەو حزبە کۆمەکێك دەکات بەو باسەی ئێستامان.

باسی پێکهینانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، هەروەك لەووتارەکەمدا ووتوومە پێداویستییەکی لەدواخستن نەهاتووەو ئەرکی کۆمۆنیستەکانی ئێستای کوردستانە.

بنەمای سەرەکیەکەشی بەر لەهەموو شت ئەوەیە کەکوردستان ئێستا کۆمەڵگایەکی جیاوازە. ئەوە کە چارەنووسی خەڵکەکەی بەرەوکوێ دەچێت، چ جێگایەك دەگریت لە جغرافیای سیاسی دنیادا، بەجیا لەبەرەی بورژوازی و هەوڵەکانیان ڕاستەوخۆ بەندە بە پێکهاتنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانەوە.

ئەمرۆ باسی پێکهێنانی حزبێکی سیاسی لە کوردستانیش، باسی پێکهێنانی حزبێکە کە نوێنەرەوەی واقعی بەشی پێشرەوی چینی کریکارو ڕەوتی بەرابەری خوازی و یەکسانی خوازی کۆمەڵگا بێت بۆ ڕێکخستنی شۆرشی کرێکاری.

حزبێك بێت کەسەرچاوەی هێزو توانایەکەی بەسترابێتەوە بە ئۆردوی ئینسانە ناڕازی و پێشکەوتنخوازیەکانی کۆمەڵگا، ئامانجەکانی جوت بێت لەگەڵ خواست و ئامانجەکانی خەلکی کوردستاندا.

بۆیە ئەم حزبەی بڕیارە کۆمۆنیستەکانی کوردستان قۆڵی خەباتکارنەی لێی هەڵکەن بۆ پێکهاتنی ئیلهام لە ئێستاو ئایندەی وەردەگرێت و گیرۆدەی ڕابردوو نییە.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لە وەزعیەتی ڕاگوزەرو کاتی یەوە پێداویستی پەیدانااکات**

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەلەسەر بنەمای هەڵواسراوی کوردستان و نە بۆ ئیستقلالی کوردستان و .....نە لەڕووداوە دەورەیەکان و هەلومەرجی ڕاگوزەردا دەردەکێشرێت، بەڵکە حزبێکی کۆمۆنیستی و مارکسیستی یە و بۆ سازدانی شۆڕشی کرێکاری، بەڵام مۆری واقعیەتی سیاسی کوردستانی پێوەیە.

هەروەکو چۆن هەموو حزبە سیاسیەکانی دنیا لەهەرووڵاتێك داو لەهەرسەردەمێکدا مۆی تایبەتمەندیە سیاسیەکانی ئەو ووڵات و سەردەمەی پێوەیە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانیش بەهەمان شێوە مۆری هەلومەرجی دنیای ئەم سەردەمەو واقعیەتی سیاسی کوردستانی پێوە دەبێت.

بەڵام ئەوە کە هاورێ و دۆستانیك پێیان وایە ئەمە هەنگاوێکی لوکاڵی یە لە ووڵاتێکی سەراسەری ودیاریکراودا، بنەماکەی ئەوەیە کە تائێستا پێیان وایە کۆمەڵگای کوردستان لەقەڵەمرەوی دەوڵەتی تازەی عێراقدایە، و بەشێکە لە هەمان واقعیەتی سیاسی کۆمەڵگای عێراق بەهەمان مەسائیل و مەشغەڵەو چارەنووسی سیاسی یەوە، لەکاتێکدا ئەمە ڕێك پێچەوانەیە. کۆمەڵگای کوردستان سەرباری ئەوەی ڕەسمیەت نەدراوە بەجیایە بەکردەوەکەی ئێستای و لەگەڵ ئەوەدا کە ئەحزابی قەومی کورد تائێستا چارەنووسی خویان بە ناوەندەوە گرێداوەو هەوڵیشیان بۆئەوەیە کوردستان بکەنەوە بە بەشێك لەعێراق، بەڵام کێشکردنەوەی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ناو قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسلامی سیاسی، کارێکی سادە نییە و خەڵکی کوردستان نیشانیانداوە مل بەیاریەکی ئاوا ترسناك نادەن و ئەمەش یەکێك لە جیاوازیە سەرەکیەکانی ئەجندای خەڵکی کوردستانە لەگەڵ ئەجندای ئەحزابی قەومی کورد. ڕیفراندۆمە نایاسایەکەی کاتی هەڵبژاردنەکان کە 98٪ خەڵك دەنگیاندا بەسەربەخۆیی، باشترین پێوانەی واقعیەو تەعبیرە لەخواستی خەڵکی کوردستان.

ئەمە بەجیا لەوەی کە ئێستا لە ناوەراست و خواروی عێراق، کێشەی ئەمنیەت، داگیرکاری، شەڕی تایفی کێشەی سەرەکی خەڵکە. هەوڵی ئەحزاب و هێزەکان بەهەموو هدنەو ئیتفاقەکانیانەوە ململانێ یە بۆ تەمەرکوزکردنی دەسەلآت، پاشماوەکانی بەعس و حزبی عەودە، و دەیان گروپ و لایەنی قەومی و دینی، لەسەر بنەمای هەمان واقعیەتی داگیرکاری و شەڕی تایفی و نائەمنیدا، پلان و بەرنامەی هەڵسوڕانی خۆیانە دادەڕێژن و دەبەنە پێشەوە یان دروست دەبن. لە کوردستان کێشەی خەڵك لەپاڵ نەبونی خزمەتگوزاریەکانی وەك ئاو کارەبا و نەوت و غازو ڕێگاوبان و زیادکردنی موچەو دوای ئازادی سیاسی و مافە فەردی ومەدەنیەکان، کێشەی ئایندەی سیاسی و هەڵواسراو مانەوەو خواستی جیابونەوەو سەربەخۆ بوونی کوردستانە. کێشەی ئەحزاب و لایەنە قەومی کوردیەکانیش کێشەیە لەسەر بەرینکردنەوەی پانتایی قەڵەمرەوی دەسەلآتی سیاسی لەکوردستان.

واقعیەتی نزیك بە دوودەهەی ڕابردوو، نەسڵێکی وای لەکوردستان هێناوەتە ئاراوە، کە هیچ هاوبەشی و نزیکایەتیەکیان لەگەڵ ناوەراست و خواروی عێراق و خەڵکەکەیدا نییە، تەنانەت زمانی عەرەبیش نازانن، لەوەش واوەتر کارنامەی بەعس لەکوردستاندا لەکتێبەکاندا وەردەگرن، چونکە کە چاویان کردۆتەوە ڕوبەڕووی دەسەلآتی تالآنچی و بێماڤ ئەحزابی قەومی کورد بوون و دەست و پەنجەیان لەگەڵ ئەودا نەرم کردووە، و ئیستاش بەرِیزێك داخوازی رەواوە هاتونەتە مەیدان. ئەمە لەکاتێکدا لە ناوەراست و خواروی عێراق لەجێگای باس لە خواست و داخوازی جۆراوجۆر مانەوەی فیزیکی ئینسان بۆتە ئاوات و ئارەزوو.

ئەمانە واقعیەتێکی هێندە مەلموسن کە جێگایەك بۆ ئەوە ناهێلێتەوە کە بلێیت کومەڵگای کوردستان بەشێکە لەعێراق و باسی پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی بۆ کوردستان بە ناسیونالستی یان هەوڵێکی لوکاڵی و دابەشکردنی چینی کریکار و پەرتکردنی بزوتنەوەی کرێکاری و جیاخوازی لەقەڵەم بدەیت.

2007-3-15

**ماویەتی.....**